چیرۆک



سالار ئیسماعیل سەفین

# بازنەیەکی گڕدار

پێویستە مرۆڤ ملکەچی حەقیقەتی ڕۆژگار بێ، قوناغەکانی ژیان قوتابخانەیەکی لە بیرنەچووە، سەرەتا و کۆتاییەکەی لە یەکتر دەچن، لەگەڵ هەناسەیەکی قووڵدا لە شوێنەکەی خۆیدا ڕاوەستا.

– من ئێستاکە هەتا دەگەمە سەرکۆڵانەکە. یان چایخانەی سەر بازاڕەکە. چەند جارێک ڕادەوەستم و خۆم دەدەم بەسەر کەمەی گۆچانەکەمدا، جار جارێک تەنگەنەفەسییەکی کوشندە ناچارم دەکا بگەڕێمەوە بەرەو ماڵ، زۆرباشیش دەزانم گەڕانەوەم. شێوە هەرەسهێنانێکە. لە ماڵەوە تووشی زۆرانبازییەک دەبم لەگەڵ بیرکردنەوەدا. یەکسەر هەست دەکەم گەردنم لە نێو بازنەیەکی داخراوی گڕداردایە و ئێستا دەخنکێم. زۆر جار تەنیا بەردهاوێژێک دەرگەی ماڵی خۆمان بەجێ دێڵم. لە پشتەوە پڕ بە گوێی خۆم دەبیستم، ئەوانەی بە تەنیشتمدا تێ دەپەڕن، زۆر بێ شەرمانە دەڵێن:

– بەم بەیانی زووە هاربووە لە ماڵ دەردەچێ..!!

بیستنی ئەم وتە ناشرینە ئەوەندەیتر هەرەسم بۆ دێنێ تیاچوونی پڕ لە شەرمەزاری و ئابڕووچوونی خوشکەکەشم ئەمەندە کاریگەرە. هەر بیستنێکی خەنجەرێکی ژەهراوییە بۆ سەر سینگم. سەرباری هەموو ئەم دەردانە، ئێستاش لە قۆناغی سێیەمی ژیاندایە. کەس هیچ حیسابێکم بۆ ناکا، هەموو بەیانیانێک

دەرگەی ماڵ بەجێ دێڵم بۆ سەرکۆڵانەکە. سەکوی سەر کۆڵانەکە بووە بە جێگەی بیرکردنەوەم.
هەر چەندێک تەمەنی سەرووی مامناوەندییە، وەلێ مێشکی لە جێدایە، ساڵ و رۆژ و مانگ و رووداوە دڵتەزێنەکان و رووداوە پڕ لە خۆشییەکانیشی بە باشی لە بیرە. سەکۆی سەرکۆڵانەکە بە هۆی شانشینەکەی بەرامبەریەوە سێبەرەکەی چەند کاتژمێرێک بەردەوام دەبوو.
سەرلەبەیانی رۆژی خۆرگیرانەکە بوو، دەروازەی ئەو خەیاڵبازییە کوشندەیەت لێ کرایەوە، فاڵباز و جادووگەران ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد. کە مردووانی گۆڕستانی گەورە. چاوەڕوانی ئەوانەن کە بە دووی راستیدا وێڵن، درۆ لە نێو ماڵانی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەم شارەدا گەرای دانابوو. گەرای درۆ بە ماڵەکانەوە نەوەستا، هەموو شوێنێکی گرتەوە مزگەوت و کلێسا و پەرستگاکان، هەموو فەرمانگاکانی دەسەڵات، دووجا حاجی و دەبڵ کەشیدەی نێو بازاڕ و قەیسەرییەکان درۆ بەلایانەوە پەڵەی داوە. من سەرۆکی درۆزنەکانم هەموو رۆژێک پێش ئەوەی پەنا بێرم بۆ سەکۆی ئەم سەرکۆڵانە، بەرامبەر ئاوێنەی هۆڵەکە ڕادەوەستم و چەند تفکەیەکی پڕ لە بوغزەو کینەی ئەم رۆژگارە قێزەونە لە خۆم دەکەم و رووی ئاوێنەکە سواغ دەدەم و هۆڵەکە بەجێ دێڵم، زۆربەی دانیشتووانی ئەم شارە لە نێو بازەنەیەکی پڕ لە درۆدا چاویان هەڵهێناوە و گەورە بوونە، هۆی ونبوونی ئەو بێشەرمە درۆکردن بوو.
بە هۆی درۆی فاڵچییەکانەوە. کە ئەمڕۆ خۆر دەگیرێ کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە. ئەو لە شوێنەکەی خۆیدا نە دەجوولایەوە. بەسەر سەکۆی سەرکۆڵانەکەوە کەمەی گۆچانەکەی لە ژێر چەنەی توند کرد بوو. چاوەکانی هەڵڕوانییوو بەرەو شانشینەکە. تەماشای ئەو کلاورۆژنەی دەکرد کە زگی دابوو. قفلێکی گەورەش بە دەرگە دوولاییەکەیەوە بوو. لەپەسدا فرمێسکێکی گەرمی هەڵمدار لە گەروویدا پەنگی دەخواردەوە.
هەروژمی دەهێنا بەرەو ژوور. لەو کاتەدا رۆژگاری رابوردووی کەوتەوە یاد. تاڵییەک بنمیچی مەلاژووی تەنییەوە، دوو دڵوپە فرمێسکی یەک لە دوای یەک. تکان بەسەر رووی دەستی چەپی سەر گۆچانەکەیدا. یەکسەر پەنجا ساڵێک پێش دڵۆپە فرمێسکەکانی ئێستای کەوتەوە یاد، ئەو کاتەی کەوتەوە یاد کە تەمەنی بەرەو چواردە بەهار هەنگاوی دەنا، تەمەنی ئەوسا و ئێستات لەیەک دەچوون، ئەو رۆژەت

هاتەوە یاد. کە خۆت ئامادە کردبوو بۆ قوتابخانە.

بە ئاخێکی پڕ لە ژان و بە تفکەیەکی بەڵغەماوی هۆڵەکەی بە جێ هێلا. سەیر لەوەدابوو لەو تەمەنەدا هیچ حسابێکیان بۆ ئەو نەدەکرد. کتێبەکانی لەبن دەستابوو بەسەر شۆستەکەوە دەڕۆیشت و لەگەڵ خۆیدا دەدوا:

– باوکم هەرچەندێک بەساڵاچوو بوو، بەڵام بیروباوەڕێکی پێشکەوتووخوازی هەبوو، چەندەها جار دەمگوت باوکە با ئەم خوشکەم نەڕوا بۆ قوتابخانە دەیگوت:

– تۆ دەمت داخە. جارێکی تر دەمدرێژی نەکەی.

– باوکە گیان ئەو دڕندە خاکی لەبەرانە، بەنێو کۆڵانەکانی شاردا بڵاوەیان کردووە و دەسدرێژی بۆ سەر ئەو خەڵکە دەکەن. ئەو بەیانییە پێش ئەم. ئەو چوو بۆ قوتابخانە. کاتێک ئەم گەیشتە ئەوێ کتێبەکانی لە پۆلەکەدا دانا و. دەرچووە دەرەوە بینی خوشکەکەی لە ژووری بەڕێوەبەرە هەوسباز و مێبازەکەوە دەرچوو، برادەرە راوەستاوەکانی تەماشایان دەکردو. پێ دەکەنین بەڕێوەبەرەکە ئەمەندە مۆنبوو بەردەوام نێوچاوانی بە چەند لۆچێک گرێ دابوو، هیچ قوتابییەک نەیدەوێرا بە تەنیشت ژوورەکەیدا گوزەر بکا، وەلێ زۆر جار ئەوی بانگ دەکردو گاڵتەی لەگەڵدا دەکرد، زۆر جار بەپەنجەکانی سەرگۆناکانی هەڵدەگلۆفی و دەیگوت:

– ئەگەر ئەم ساڵ سەعی نەکەی دەرناچی.

– کاتێک لە ژوورەکەی وەدەردەکەوتم، قوتابییەکان تەماشایان دەکردم و پێ دەکەنین.

ئەوە بۆ نیوە سەدەیەک دەچێ ئەو خوشکەیان هیچ سۆراغێکی نییە. بە چەندەها شێوە ونبوونەکەی دەگێڕدرێتەوە. جارجارێک بەتانەوتەشەرە. جارجارێکیش بە گێڕانەوەیەکی پڕ لە بەزەیی، زۆری نەمابوو هەتاو سەر سەکۆکەی پێ بەجێ بێڵێ. چاوەکانی هەڵڕوانیبوو بەرەو کلاوڕۆژنە زگ هاتووەکەی شانشینەکە و لەگەڵ خۆیدا دەدوا:

– سەرەتای تەمەنم لە نێو بازنەیەکی داخراوی ئاگریندا بوو. ئێستاش لەم تەمەنەدا هەمان بازنەم لە گەردنداپە، گەنکاوی سەرکۆلانەکە، تەنیا دوو هەنگاو لەسەکۆی دانشتنەکەیەوە دووربوو، ئەوکاتەی جاڵجاڵۆکەی بیرکردنەوەیەکی پڕ لە ئازار سەرقاڵی تەونکردنی شانەکانی مێشکی بوون، بەردێکی گەورە لە کلاوڕۆژنە هەڵتروپاوەکەی شانەشینەکە هاتە خوارەوە پرشی گەنکاوە پیسەکە رای چەڵەکان و بیرکردنەوەکەی پچڕا.